# ڕێگای کار

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

دەورەی تازە ژمارە ٢٨ سێ شەممە ١ / ٢ / ١٣٨٣ April , 20 th , 2004


## تایبەت بە ١ی مانگی مەی ( ڕۆژی جیهانی کرێکار )

### لەم ژمارەیەدا . . . .


بـۆ پـیـێـشەوە بـەرەو دامەزراندنی پێـكهاتە سەربەخۆكانی كـرێكاران و زەحمەتكێشان . . . . . . ٢

پێدا چوونەوەیێک لە سەر خەباتی كـرێكاران لە ساڵی ڕابردوو . . . . . ٣

یـەكـەمی مانگی مـەی ، نیـشانـدەری هـێز و تـوانـای لە بن نـەهـاتووی كـرێكاران . . . . . . . . ٥

بـارودۆخی ئـاڵۆزی وڵات و وەزعی بـزووتـنـەوەی كـرێـكـاری لە ئێراندا ! . . . . . . . ٦

یادی شەهیدانی ڕێكخراو و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە. . . . . . . . . . . . . . . ٧

مەسەلەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و سیاسەتی ئێمە ( بەشی كۆتایی ) . . . . . . . . . ٨

بەشێک لە ڕاگەیاندراوەكانی كـومـیـتـەی كـوردسـتـان لـە مـانـگی خاكەلێوە . . . . . . . . . ١٢

ووشـەی سـیـاسـی . . . . . . . . . . . ١٣





## بژی ١٢ی گوڵان ( ١ی مەی ) ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی كرێكاران

### پەیامی کومیتەی ئەیالەتی کوردستان بە بۆنەی ١٢ی گوڵان ( ١ی مانگی مەی )ڕۆژی جیهانی کرێکار!

کرێکارانی خەباتگێر !

بەڕێوەبردنی جەژنی مەزنی کرێکاران ( ١ی مانگی مەی ) لێتان پیرۆز بێت . سەد و هەژدە ساڵ لەمەوبەر لە ئاوا ڕۆژێکدا خۆپیشاندانی هێمنانەی کرێکارانی شیکاگۆ بۆ وەدی هێنانی هەشت کاتژمێر کار لە ڕۆژدا و مافی دامەزراندنی یەکیەتیەکانی سەربەخۆ ، لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کرا و ڕێبەرانی ئەوان لە دادگاکانی فـەرمایشی سیستەمی سەرمـایەداری کۆتائیەکانی سەدەی نۆزدە بە مەرگ مەحکووم کـران و لە سێدارە دران .

دوو ساڵ پاش ئەو ڕووداوە خوێناویە کرێکارانی پاریس یەکەمی مانگی مەیان وەک ڕەنگدانەوەی هاوپشتی کرێکارانی سەرانسەری جیهان ناویان لێ نا و لەو ڕێکەوتە بەدواوە تاکو ئێستا هەموو ساڵێک لەم ڕۆژە مەزنەدا ملیونەها کرێکار لە سەرانسەری جیهان بە بێ لە بەرچاو گرتنی ڕەنگی پێست و ڕەگەز و نەتەوە و مەزهەبێک دەس لە کار هەڵدەگرن و بە سازدانی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و مانگرتن ئیرادەی پتەو و یەک دەستی خۆیان لە بەرانبەر سیستەمی سەرمایەداری بە نەمـایش دادەنێن .

ئەمسالیش لە هەلومەرجێک ئەم ڕۆژە مەزنە جەژن دەگرین کە ریفورمەکانی پێکهاتی سیستەمی سەرمایەداری بۆ تەزمین کردنی کۆبوونی سەرمایە و دەرباز بوونی لە قەیرانی پەرەئەستێنەری کە تووشی ئەو ( لاپەرەی ٢ )

کار ، خانوو ، ئازادی – کۆماری فیدراتیوی شوورایی !

## بژی ١٢ی گوڵان ( ١ی مەی )ڕۆژی هاوپشتی . . .

بووە لە چوارگۆشەی دونیادا جگە لە هەژاری و مەینەت ، زۆر بوونی بێکاری و لە ناوچوونی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی ، ئاکامێکی‌تر بەدواوە نەبووە . هەروەها توونددتر بوونی قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری بووەتە هۆی پەرەگرتنی شەڕەکانی ناوچەیی لە چوارگۆشەی دونیادا .

ملیونەها مرۆڤـ ئاوارە بوون و هەر ڕۆژیش سەدان کەسی‌تـر لە بلیزەی ئـاگری ئەو شەڕانەی کە بۆ تەمای سەرمایەداران هەڵدەگیرسێ ، دەسووتن .

لە ئاوا کەش و هەوایێکدا هێرشی بەربڵاوی خاوەن دەسەڵات و سەرمایەکان بە سەر ئاستی بژێوی کرێکاران ، گرتنیان و سەرکوتی خەباتی ئەوان پەرە دەگرێ و کرێکاران لە پێویستی یەکگرتن ، پەرەپێدانی خەبات و بەربەرەکانی لە گەڵ هێرشی سەرمایە لە ئاستی جیهانی تێدەگەن .

ئاشکرایە کە ئەم خەباتانە تەنیا لە کاتێکدا بە ئاکامی دڵخوازی خۆی دەگات کە کرێکاران ریـزەکانیان یەک بخەن و پشتیوانی نێونـەتـەوەیی بە دەست بهێنن .

با جەژنی یەکەمی مانگی مەی ئەمساڵ بکەین بە گۆڕپانی خەباتی توند و بێ وەچان دژی سیستەمی سەرمایەداری دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە داخوازیە ڕەواکانی خۆمان ، وەک مافی پێک هێنانی دامەزراوە سەربەخۆکان ، مانگرتن ، خۆپێشاندان ، بـەیان و داخوازیەکانی‌تری خۆمان ، ریزەکانمان یەک بخەین و پتەوتری بکەین .

با یەکەمی مانگی مەی ئەمساڵ بکەین بە گۆڕەپانی خەباتی توند و بێ وەچان لە هەر شێوازیکی دژی سیستەمی چەوسێنەرانە و سەرکوتگەرانەی دەسڵاتدارانی فاسیدی حاکیم بە سەر چارەنووسماندا و تەواوی خەڵک بە دژی زوڵم و چەوساندنەوە و سەرکوت هان بدەین .

با لە یەکەمی مانگی مەی بە هەوڵ و تێکوشانی خۆمان بەردی بناغەی دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکانی خەڵکی وەک زامنی جێ بە جێ کردنی ئیرادەی گەل لە بە دەستەوە گـرتنی دەسەڵاتی سیاسی وەک ئـەنجوومەن و شووراکانی ئەیالەتی و وەڵایەتی دابنین .



## بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان .

یەکەمی مانگی مەی ٢٠٠٤ ( ١٢ی بانەمەڕی ١٣٨٣ ) ڕۆژی جیهانی کرێکاران بەڕێوەیە.کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان بە گشتی گیرودەی مەسەلە و گرفتەکانی کرێکارین هەرچەند ئەمە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەئیە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەرکام لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران سەرەرای هەڵگرتنی قورسایی ستەمی چینایەتی و چەوساندنەوەیان لە لایەن سەرمایەداران و خاوەن کارەکان،باری ستەمی نەتەوایەتی و سووکایەتی نەتەوەئیش بە سەر شانی خۆیان ڕادەکێشن . ئێستا قسە و باسی ئێمە لە سەر ئەمەیە کە پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرجەم جەماوەری کار و زەحمەت بە لە بەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیە چۆن دەبێ بێت و بە چ شێوەیێک دەکرێ شێوەکانی ستەمی کۆمەڵگای چینایەتی لە کانالی خەباتی دژی ستەمی چینایەتی لە ناو ببەین و چارەسەری یەک لایەنە و یەکجاری بۆیان بدۆزینەوە .لە بەرانبەر ئەو ستەمەی کە سەرمایەداران ، مافیای ماڵی ، ئاغازادەکان و خۆدی ئاغاکان و پشتیوانانی جیهانی ئەوان دەر حەق بە کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەر دەکەن کۆمەڵی ملیونی کار و زەحمەت بە هۆی نەبوونی ڕێکخستن و دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکانی خۆیان گیرودەی زنجیرەیێک لە مانگرتن و خۆپێشاندانن کە لە باشترین حاڵی خۆێدا ناتوانی لە دایرەی داخوازیەکانی سینفی و بۆ وەدی هێنانی مافە سەرتائیەکانیان تێپەر بێت . و لـەم حاڵەدا هەر کات ڕێژیم و سەرمـایەداران تووشی پـەرەگـرتنی جووڵانەوەی نارەزایی دەبن ڕێگا چارەسەریەکانی کاتی بە مەبەستی بێ دەنگ کردن کرێکاران و زەحمەتکێشان و لە ئاکامدا دووبەرەکی خستنەوە لە ریزی ئەوان هەڵدەبژێرن .کە ئەم ڕێگا چارەسەریانە تەنانەت یەکێک لە هەزاران دەرد و مەینەتی چینی کار و ڕەنجی کۆمەڵگا چارەسەر ناکات . کەم و کوڕی خاڵی لاوازی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان لە چی دایە ؟ و بۆ چی تاکو ئێستا نەیانتوانیوە خەباتەکانی خۆیان لە سنووری بەرگری کردن لە مافە سەرتائیەکانیان تێپەڕێنن و لەم ئاستەیشدا نەیانتوانیوە داخوازیەکانی خۆیان وەدی بهێنن ؟ یەکەم خاڵی لاوازی خەباتی ئەوان لە سەرانسەری نەبوونی خەبات و لاواز بوونی پێکهاتە و دامەزراوەی سەربەخۆ بووە.واتە ئەوەی کە سەرەرای ئەمەی کە داخوازیەکان و ویستەکانی ئەوان لە هەموو کارخانەکان و شوێنەکانی کار و ژیان لە سەرانسەری وڵات وەک یەک بوون بەڵام خەبات بڵاوەیە .بۆ نموونە کرێکارانی کارخانەیێک داخوازیکیان هەیە بۆ زۆرتر کردنی حەق دەس یان ڕاگرتنی دەرکردنی کرێکاران و یان کەم کردنی کاتژمێرەکانی کار و یان دانی حەق دەسەکانی مانگەکانی ڕابردوو کە هێشتا بە کرێکاران نەدراوە، لەم حاڵەدا سەرمایەدار و خاوەن کار بە دانی وەعد و بەڵێنی درۆ و سەری خەرمان کرێکاران ڕەوانەی ماڵەکانیان دەکات و ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ بە دوای ئەو کرێکارانی کارخانەیێکی‌تر لە شوێنێکی‌تر لە وڵاتەکەمان بۆ ئەو داخوازیانە مان دەگرن و یان خۆپێشاندان ساز دەکەن و هەر بەو وەعد و بەڵێنانەیش بە بێ ئەزموون وەرگرتن لە حەرەکەتی کرێکاران لە شوێنەکەی‌تر لە لایەن سەرمایەدار و خاوەن کار ڕەوانەی ماڵی

خۆیان ئەگەر لەم حاڵەدا کرێکاران ڕێکخستنیان هەبێ و خاوەن پێکهاتە و دامەزراوەی سەربەخۆی خۆیان بن لە پەیوەند لە گەڵ حەرەکەتەکانی کرێکاران لە شوێنەکانیتری ئێران دەتوانن بە ئەزموون وەرگرتن لە حەرەکەتی پێش لە خۆیان سەرەرای بەردەوام بوون لە سەر حەرەکەتی نارەزایی ئاستی داخوازیەکانیان لەو ئاستەی کە بۆی تێدەکۆشن تێپەرێنن و تەجرووبەکانیان سەرەرای دەوڵەمەندتر کردنی ئەوان بە جووڵانەوەی کرێکاران لە شوێنەکانیتری ئێران ئینتقاڵ بدەن.ئێمە بە باشی دەبینین کە چۆن پێکهاتە و دامەزراوە زەردەکانی سەر بە ئورگانەکانی دەوڵەتی و ئەحزاب و تاقمەکانی ناوخۆی حکومەت تێدەکۆشن تاکو بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەر بە سەرانسەری بوون و پەرەگرتنی جووڵانەوەی نارەزایی کرێکاران و لایەندار بوونی ئەو بەرەو پێکهێنانی دامەزراوەی سەربەخۆ بگرن. نەبوونی پێکهاتە و دامەزراوەی سەربەخۆ سەرچاوەی لاوازی و ڕاوەستانی جووڵانەوەی کرێکاری ئێرانە لە ئاست و سنووری ئێستادا و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان لە بەرانبەر هەر چەشنە بریاری سەرمایەداران و خاوەن کارەکان و دەوڵەتی پشتیوانی ئەوان بە کردەوە چەک بکرێن.لەم هەلومەرجەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگادا کە هەزار و یەک دەرد و مەینەتی سەرچاوە گرتوو لە شێوەکانی جۆراوجۆری ستەم لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بە سەر شانی خۆی ڕادەکێشی، دامەزراندنی ئەنجوومەن و شووراکانی ئەیاڵەتی و وەلایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان باشترین و گونجاوترین ڕێگا حەڵ بۆ زاڵ بوون بە سەر بڵاوەبوونی حەرەکەتە نارەزائیەکان لە سەرانسەری وڵات و تەنیا ڕێگای جێبەجێ کردنی ئیرادەی سەرجەم جەماوەری کار و زەحمەتە بۆ پەرەپێدانی خەبات و دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێی ئینسانیوو بە دوور لە زوڵم و چەوساندنەوەی کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری کە لەوێدا هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لە ئێتحادێکی دڵخوازنەو تێگەیشتووانە بەردی بناغەی کۆمەڵگای ئازاد و یەکسانی سۆسیالیستی دادەنێن .

# پێداچوونەوەیێک لە سەر خەباتی کرێکاران لە ساڵی ڕابردوو

بزووتنەوەی کرێکاری لە سەر زەمینەی قەیرانی ئابووری بۆ دیفاع لە مافەکانی سەرەتایی خۆی هەروا بەردەوامە . هەڵسەنگاندنی خەباتی ساڵی ڕابردووی کرێکاران لە سەر ئەساسی هەواڵەکانی ڕەسمی و نیوە ڕەسمیە کە نیشان دەدات خەباتی کرێکاران لە ساڵی ڕابردوو نە تەنیا تووشی دابەزین نەبووە بەڵکو بەردەوام بوونی قەیران و هێرش بۆ سەر ئاستی بژیوی کرێکاران بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی گەورە لەوان بە مانگرتن و جووڵانەوەی نارەزایی پەیوەست بن .

لە ماوەدای ساڵی ڕابردوودا مانگرتن ، خۆپیشاندان ، ناردنی نامە ، کۆبوونەوەی نارەزایی لە بەر دەرگای ئیدارە دەوڵەتیەکان ، بەستنی شەقامەکان ، ئاگر تێبەردانی لاستیک و هتد کە شێوازەکانی جۆراوجۆری خەباتی کرێکاران بووە هەروا بەردەوام بووە کە بەشێکی هەرە گرێنگ لە کرێکاران لەم حەرەکەتە نارەزایەتیانە بەشداریان کردووە .

بەڵام داخوازی و ویستەکانی کرێکاران کە بە بارودۆخی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئاستی تێگەیشتن و پێکهاتنی کرێکاران پەیوەندیکی ڕاستەوخۆی هەیە ، لە ئاستی داخوازیەکانی سینفی و بەرگری کردن لە مافە سەرەتائیەکانیان تێپەر نەبووە . هۆی ئەویش دەبێ لە گیروگرفت و مەسەلەکانی خوارەوە بدۆزینەوە .

پەیوەندی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆمپانیاکانی نێونەتەوەیی و دامەزراوەکانی دراوی جیهانی و توووند بوونی ناکۆکی لە نێوان باڵەکانی دەسەڵاتدار کە بووە هۆی ئەوەی جموجۆڵێک لە کەش و هەوای سیاسی وڵات پێک بێت و چاوەڕوانی باش بوونی ڕێژیی بارودۆخی سیاسی و ئابووری بکرێت ، بەڵام لە پشتەوەی ئەم چاوەڕوانیە و گۆمانەدا وەزعی چینی کرێکار و کۆمەڵانی مەزنی حقوق بگیر و بێکاری کۆمەڵگا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر بووە . و چیتر گۆمانەکانی سەردەمی سەر کار هاتنی باڵی دووی جۆزەردان کاریگەری ئەوتۆی لە سەر پرۆسەی بەرەو پێشی خەباتی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش نیە و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستیە لە تەحریمی هەڵبژاردنەکانی دەورەی هەفتەمی مەجلیسی دواکەوتوویی بە باشی بینیمان .

ئەو شتەی کە وەزعی ژیانی کۆمەلانی بێبەشی کۆمەڵگا دەگۆڕێ ، قەیرانی قووڵی ئابووریە کە لە ساڵی ڕابردوو تووندتر بووە و پەرەی گرتووە . دابەزینی داهاتی فرۆشتنی نەوت کە دابین کەرەوەی بەشێکی گەورە لە بودجەی وڵاتە و دانی متمانەی ئاوەدانکردنەوە و یارمەتیەکان بە کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنانە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کارخانەکان دابخرێن و لە دانی حەق دەسی کرێکاران و کارمەندانی خۆیان عاجیز بن و کرێکاران لە سەر کار دەر بکەن . داسەپاندنی مەرجەکانی بانک و دامەزراوە نێونەتەوەئیەکانی دراو ، کۆمپانیاکانی سەرمایەدادانی نێونەتەوەیی و سەرمایەدارانی خسوسی ناوخۆیی هەلومەرجێک پێک هێناوە کە بووەتە هۆی خراپتر بوونی وەزعی ژیان و ئاستی بژیوی کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا . سەرەرای بەرز بوونی قەیران و گرانی لە ڕادە بەدەری کەلوپەلی سەرەتایی ژیان ، ئاستی حەق دەسەکانی ڕاستەقینەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا گەیشتووتە نزمترین ئاستی خۆی . دەر کردنەکانی بە کۆمەڵ بە هۆی کەم بوونی دراوی بیانی ( ارز ) و مەوادی سەرەتایی و خۆش کردنی ڕێگا بۆ ڕاکێشانی سەرمایەدانەرانی خسوسی ، بە یەکجاری پەرەی گرتووە .

ملیونەها مرۆڤی بێکار و ئەوانەی بە دوای کارن قووڵایی کارەساتەکە نیشان دەدات . هەروەها نەبوونی پێکهات و دامەزراوەی سەربەخۆی کرێکاری و خەڵکی و ئاستی نزمی تێگەیشتنی چینایەتی و کەش و هەوای شک و گۆمان هەموو و هەمووی بووەتە هۆی ئەوەی کە کرێکاران سەرەرای بەردەوام بوون لە سەر خەباتی خۆیان لە شێوازەکانی جۆراوجۆردا تاکو ئێستا نەتوانن داخوازیەکانیان وەدی بهێنن و هەروەها ئاستی داخوازیەکانی ئەوان لە داخوازیەکانی دوو ساڵ لەمەوبەر تێپەر نەبێت و ڕاستی ئەمەیە کە جووڵانەوەی کرێکاری هێشتا لە سنووری جووڵانەوەی بەرگری کردن لە مافە سەرەتائیەکان تێپەر نەبووە .

تەجرووبە نیشانی داوە کە چینی کرێکاری ئێران لەم حاڵەی خەباتی خۆیدا کە ئێستا ←

## پێداچوونەوەیێك لە سەر خەباتی ...

تێدا دەژیت ناتوانێ تەنانەت لە مافە سەرەتائیەکانی خۆی بە باشی و بە شێوەی دڵخوازی خۆی دیفاع بکات و لە هەلومەرجێك کە سیستەمی سەرمایەداری و پاوانخوازیە نێونەتەوەئیەکان بە دوای بەرەست کردنی هەرچی زۆرتری کرێکاران و داسەپاندنی مەرجەکانی خۆیان بە سەر شوێنەکانی کار لە سەرانسەری جیهانن ، خەبات زۆر دژوار و پڕ لە پێچ و پەنا دەبێ و خەباتەکانی بلاوە کارێك لە پێش نابات . هەروا کە ووتمان و تەجرووبەیش نیشانی داوە دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە شوێنەکانی کاری جیاوازدا بە راحەتی و لە گەڵ بە کار هێنانی ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی و هێزی سەرکوتگەر و هەرەشەی دەوڵەتی دەتوانن شێوەکانی خەباتی بلاوە مەجبوور بە قبووڵ کردنی مەرج و پێشنیارەکانی خۆیان بکەن . بەڵام ئەگەرچی خەباتی کرێکاران لە هەلومەرجی ئێستادا بلاوە و جاوبارە بەلام ئاستی داخوازیەکان و شێوازەکانی خەبات و زۆر بوونی کرێکارانی بەشداربوو لە جووڵانەوەی نارەزایی بەو رادەیە هەیە کە دەتوانن بە زەق کردنی هێندێك داخوازی سەرەکی کە بە دوای ئەواندا داخوازیەکانتر وەدی دێت بۆ کرێکارانی سەرانسەری وڵات گەڵاڵە و لە گەڵ پێشنیاری شێوازێکی دیاریکراو لە خەبات کە لە ڕەوتی خۆیدا دەتوانێ شێوازەکانیتر و سەرانسەری بێت ، هەنگاوێکی ئەساسی بەرەو پێش هەڵبگرن . وەك مافی رێککەوتننامەی بە کۆمەڵ و مافی دامەزراوە بۆ زۆرتر کردنی حەق دەسەکان ، ڕاگرتنی دەرکردن لە سەر کار و هتد دەتوانێ ببێتە داخوازی ئەسڵی کرێکاران بە بێ ئەوەی کە چاوپۆشی بکرێت لە داخوازیەکانیتری کرێکاری لە کارگە و کارخانەکانی تاك و جیاواز لە شوێنەکانیتر .

سەبارەت بە شێوازی خەباتیش دەبێ یەکێك لە شێوازەکانی خەبات وەك شێوازی خەباتی ئەسڵی و وەك تاکتیکی ئەسڵی بە کار بهێندرێت و بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی ئابووری ، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و شێوازەکانی خەباتی ئێستادا مانگرتن و بە تایبەت مانگرتن و خۆپیشاندان باشترین و گونجاوترین شێوازی خەبات و تاکتیکی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانیانە . و خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان دەتوانێ لەشکری مەزنی بێکاران بە ریزی کرێکارانی نارازی پەیوەست بکات و هەرووەها دەبێتە هۆی گرێدانی خەباتی جەماوەری و کرێکاری بۆ گۆڕینی وەزعی داسەپاودا .

★ ★ ★

## پاشماوەی باروودۆخی ئاڵۆزی وڵات و وەزعی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا !

وەر دەگـرن کـە پێشتر قەدەغی و یـان سـانسور دەبوون و دەبێ لە هەلومەرجی تازەدا چالاکی خۆیـان لە چـوارچێوەیێك رێك بخەن کـە یـاساکـانی بـازاری ئازاد ، خـاوەن مڵکایەتی تایبەتی و چەوسـاندنەوە و گـەرانی سەرمـایە بۆیـان دیـاری دەکـات .

لەم هەلومەرجەدا ، ئەگەر بـزووتنەوەی کـرێکـاری کە گـۆڕەپانێکی مەزن بۆ دیـفاع لە مـافەکـانی خۆی لە بـەردەم دایە ، ئەگەر نەیتوانێ لەم دەورانەدا بۆ رێکخستن و یـەکگرتنی خـۆی و گەڵاڵە کردنی بە بەرنامەی داخوازی و خەبـاتەکانی خۆی کەڵك وەربگرێ ، بێ گۆمـان لە بەرانبەر هێرشی سەرمـایە شکست دێنێ و دەورانێکی درێژخایەن لە بێ دەنگی و راوەستان ، دووبـەرەکی و تەسلیم لـە بەرانبەر رووداوەکـان بـە سەرێـدا زاڵ دەبێ .

بۆیە دامـەزرانـدنی پەیوەندی لە گەڵ بزووتنەوەی کرێکاری ، پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی خەبات و شکست و سەرکەوتنەکانی ئەوان و هەڵسەنگاندنی راست و دروستی داخوازیەکان و ئاستی خەباتی کرێکاران ، دیاری کردن و تەبلیغی تاکتیکەکانی درووست و واقیعی ، تێکۆشان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان مەرکەزەکانی کرێکاری ، گەڵاڵە کردنی بیروبۆچوونی رێبەررانی بەکردەوەی بزووتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی پێشرەو و بە کۆرتیدا یارمەتی هەموو لایەنە بە مـەترەح بوونی بزووتنەوەی کرێکـاری و ئاڵترناتیو و داخوازیەکـانی ئەوان لە بەرانبەر چینەکـانیتر و بۆ هەمـوو خـەڵك وەك ئەرکێکی خێرا و پیویستی هەر هێزێکی لایەنگری کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی بێ بەشی کۆمەڵگا و هەموو ئازادیخوازان دەژمێردرێت .


بۆیە دەبێ بە پێچەوانەی مودیلی ئەم رۆژانەدا و سیاسەتی ئەو رەوتانەی کە بە رواڵەت خۆیان بە لایەنگری چینی کرێکار دەزانن بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆیان بۆ بەدوادا رۆیشتنی رووداوەکانی رۆژانە و ئاڵوگۆڕەکانی بە رواڵەت وەگـەر خستوون و دژایەتیەکـانی چینایەتی و بزووتنەوەی کـرێکاریان لە بیر کردووتەوە ، چالاکی خۆمـان لە زەمینەی ئەسڵی و ئەساسی کە پێشتر ئامـاژەمان پێکرد ، رێك بخەین و پەرەی پێ بدەین .

کـرێکاران نە تەنیا زۆرینەی کـۆمـەڵگا پێك دێنن و نە تەنیا سازنـدەی ئەسڵی و راستەقینەی کۆمەڵگای ئێمەن ، بەڵـکو بزووتنەوەی ئەوانیش گـەورەترین گرفـت و مـوشکیلەی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی دەسەڵاتداری داسەپاو بە سەر چارەنووسی هەموو خـەڵك بە حساب دێت و لـە راستیدا ئاکـامی خەبـاتی ئەوانە کە هێڵی راستەقینەی ئاڵوگۆڕەکـانی داهـاتوو دیاری دەکات و رۆڵی ئەسڵی و سەرەکی لە گۆڕانکاریەکانی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی کە پیویستی رزگار بـوونی کـۆمەڵگـا لە دەرد و مەینـەتی ئێستایە ، دەگرێ .

**هەر کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێراندا کاتێك لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا مەجبوور دەبێ لە ماف و ئاستی بژیوی خۆی لە بەرانبەر هێرشی بەردەوامی چەوسێنەران دیفاع بکات ، بە ئاشکراترین شێوەیێك خۆی لە بەرانبەر دام و دەزگای سەرکوت و زوڵم و زورێك دەبینێ کە لە جل و بەرگی ئایدۆلۆژی ئیسلامی خۆی دا پۆشیوەتەوە و ئەو کاتە تێدەگات کە سیستەمی سەرمایەداری ئێران ، دام و دەزگای دەوڵەت و هەموو پەیوەندیەکانی ئەو وەك ئۆرگانەکانی دەسەڵاتداری و سەروەری و هۆی مانەوە و سەر لە نوێ بەرهەم هێنانی سیستەمی داسە پاون .**

**بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی ئەنجوومەن و شووراکانی ئەیالەتی و وەلایەتی لە سەرانسەری وڵات**

# یەکەمی مانگی مەی ،
# نیشاندەری هێز و توانای لە بن نەهاتووی کرێکاران




یەکەمی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار ، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی ئوردوی کار بەرێوەیە . ئەمساڵیش کرێکارانی جیهان سەد و هەژدەهەمین ساڵرۆژی یەکەمی مانگی مەی جەژن دەگرن و دەچنە پێشوازی زۆرتر لە یەک سەدە یەکگرتنی چینایەتی خۆیان لە سەرانسەری جیهان و لە خەبات دژی بۆرژوازی . یەکەمی مانگی مەی بۆ کرێکارانی جیهان تەنیا وەک جەژنێکی مەزنی هاوپشتی نیە . ئەم ڕۆژە پێش لە هەموو شتێک ڕێزدانان لە نەریتەکانی خەباتگێرانەی کرێکاران ، ڕۆژی تووند کردنی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکان و ئارەزوەکانی کرێکاران و ڕزگار بوون لە هەزاران دەرد و مەینەتی سیستەمی سەرمایەداریە . ڕۆژی نیشاندانی ئیرادەی پۆلائینی بەرهەم هێنەرانی نەعمەتەکانی مادی و خوڵقێنەرانی پێداویستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە . ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی ، نیشاندەری هێز و توانای هێزێکی کۆمەڵایەتی چینێکی جیهانیە . هەر بۆیە ڕۆژێکی نێونەتەوەئیە . بەڵام چینی کرێکاری هەر وڵاتێک تەنیا بە گرێدانی ڕێزدانان لەم ڕۆژە واتە بەرێوەبردنی جەژنی یەکەمی مانگی مەی لە گەڵ خەباتی جەماوەری لە ئاستی میللیدا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی لەم جەژنەدا بگێرێ .

سەد و هەژدە ساڵ لەمەوبەر کاتێک کرێکارانی ئەمریکا بە دانی دروشمی کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کار کردن هاتنە سەر شەقامەکان ، لە ڕیزی پێشەوەی بزووتنەوەیەک ڕاوەستابوون کە داخوازی کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کار کردنی لە هەموو وڵاتەکانی سەرمایەداری وەک ئەسڵیترین داخوازی خۆی ڕاگەیاندە بوو . بەم هۆیەش خەباتی یەکەمی مانگی مەی ١٨٨٦ی کرێکارانی شیکاگۆ لە هەموو دونیادا دەنگی داوە و پاشانیش هەموو ساڵێک یادی خەباتی قارەمانانەی ئەوان بە توند کردنی خەبات بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانی کرێکاران ڕێزی لێ دەگیردرێ . ڕاگەیاندنی ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی وەک ڕۆژی جیهانی کرێکاران لە لایەن ئەنترناسیۆنالی دووهەمیش ، بە تەعکید لە سەر گرێنگی جیهانی بوونی داخوازیەکانی کرێکاران و کاریگەریەکانی دوو لایەنەی خەباتەکانی ئەوان لە هەر چوار گۆشەیێکی ئەم جیهانەدا ئەنجام درا و بووە نەریتێکی هەمیشەیی .

لە مەودای زۆرتر لە یەک سەدەی ڕابردوودا چینی کرێکار لە ئاستی جیهانیدر ، سەرکەوتنەکانی مەزنی بە دەس هێناوە . نەریتەکانی سۆسیالیستی و دەسکەوتەکانی چینی کرێکاریش سەرەرای شکستی کاتی چینی کرێکار لە وڵاتانی سۆسیالیستی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و ئۆروپای ڕۆژهەلات ، لە جێگا و شوێنی مێژوویی خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەروەها بەهرەمەندە . شکستی تێگەیشتنی بۆروکراتیک لە سۆسیالیزم بە هەموو ئاکامەکانی تاڵی ئەودا ، بە ئەزموونەکانی خۆی تەجرووبەی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاری جیهانیی دەوڵەمەندتر کرد و چینی کرێکاری لە نوژەنکردن ، پەرەپێدان و جێگیر کردنی سۆسیالیزم وەک ئارمانجی بەرزی مرۆڤایەتی ، سووڕتر لە پێش دەکات . لە بەر ئەوەی کە کرێکاران بە تەجرووبە نیشانیان داوە کە هەر شکستێکی خۆیان بە ئەزموون وەرگرتن لەو شکستەدا دەکەنە چەکێک بۆ سەرکەوتنەکانی مەزنی داهاتووی خۆیان . ئەم ئەزموونە مەزنە یەکەمی مانگی خوێناوی مەی کرێکارانی شیکاگۆ بوو کە دەنگی ئەو هەموو ساڵ لە ساڵی پێشتر دەنگی بەرزتر دەبێتەوە .

چینی کرێکار لە مەودای زۆرتر لە یەک سەدە بەرێوەبردنی یەکەمی مانگی مەی ، زۆر شکست و سەرکەوتنی بە خۆوە بینیوە ، بەڵام هیچ کات و لە هیچ ساتێک لە مێژووی ژیانی خۆیدا بە تایبەت لە کاتێک لە شۆڕشی مەزنی ئۆکتوبەر موژدەی کردنەوەی لاپەرەیێکی نوێی لە مێژووی مرۆڤایەتی دەدا ، لە گەڵ پاشەکشەیێکی بەم گەورەئیە ڕووبەڕوو نەبووە . هەڵوەشانی ئوردوگای سۆسیالیستی وەک بلۆکێکی نیزامی ، سیاسی ، ئابووری کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا دامەزرا بوو ، لە ناوچوونی دەوڵەتانی بۆروکراتیک لە ئۆروپای ڕۆژهەلات و هەوڵ و تەقەلای وڵاتانی ئیمپریالیستی بۆ داسەپاندنی سیستەمی نوێی تالانگەرانەی جیهانی و خۆشکردنی ئاگری شەڕەکانی تالانگەرانەی ناوچەیی ، وەزعێکی ئاڵۆزی خوڵقاندووە .

شەپۆلی لادانەوە لە سۆسیالیزم لە نێوان بەشێکی هەرە گرێنگ لە هێزەکانی لایەنگری بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران و کەم بایەخ کردنی دەسکەوتەکانی ئەو ، ئەمڕۆکە زۆر پەرەی گرتووە و ئەم مەترسیە هەیە کە ئەم وەزعە کاریگەری هەبێ لە سەر پووچەڵ کردنی ناوەڕۆکی چینایەتی جەژنەکانی یەکەمی مانگی مەی .

بەڵام سەرەرای هەمووی ئەم هەوڵ و تەقەلانەی بۆرژوازی دەبێ تەعکید بکەین لە سەر ئەم ڕاستیە کە یەکەمی مانگی مەی ، جەژنی پێشڕەوەیەکانی کرێکارانی سەرانسەری جیهانە لە خەبات دژی سیستەمی کۆیلەیی بەکرێگیراوی و دەبێ ریزەکانی کرێکاران لە دیفاع لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی چینایەتی خۆیان ڕێک بخەین و پتەوتری بکەین . دەبێ بە هەموو هێز و توانای خۆمانەوە و بە نیشاندانی هێز و توانای کرێکاران لە هەر وڵاتێک ، ڕێگای پێشڕەویەکانی تازە دژی سیستەمی سەرمایەداری و بە ئەزموون وەرگرتن لە هۆیەکانی شکستەکانی ڕابردوو ، خۆش بکەین .

## یەکەمی مانگی مەی ، نیشاندەری هێز . . .

چینی کرێکاری وڵاتی ئێمەیش ، ئەمساڵ لە هەلومەرجێك دەچێتە پێشوازی یەکەمی مانگی مەی کە سەرەرای پاشەکشەی بزووتنەوەی چەپ و کرێکاری لە ئاستی جیهانیدا ، لە سەرەتـائیترین مافەکـانی خۆیان و لە لانی کـەمی پێکـهاتە و دامـەزراوەی سەربـەخـۆ بـۆ وەدی هێنانی ئـەم مـافـانە بێ بـەشە .

کۆماری ئیسلامی بە لەبەر چـاوگـرتنی هەموو راستیەکانی کۆمەڵایەتی ، بە نیسبەت ساڵەکانی ڕابردوودا لە وەزعێکی زۆر ئاڵۆزدایە . لە بواری ئابووری تووشی قەیرانێکی تووندە . لە بواری سیاسیش ، کۆمەڵانی خەڵك نەفرەتی لێ دەکەن . لە بواری ناوخۆیی سەرەرای شکستی باڵی دووی جۆزەردان لە مەجلیس و دەسەلات کـە دەرفەتی پێداچوونەوە و لێکدانەوەی لەم باسەدا نیە ، هەروا بەردەوامە و بۆ قـازانج و مـەسڵەحەتی سیستەمی سەرمـایەداری کۆمـاری ئیسلامیش کە بێـت هەر دەبێ ناکۆکیەکـان لـە نێوان ئەم دوو باڵە بەردەوام بێـت .

جووڵانەوە و بزووتنەوەکانی بەربڵاوی جەماوەری هەروا بەردەوامە و ئەم هەمووە زەمینەیێکی باش و گۆنجاوە بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاران . مانگرتنەکانی کرێکاری کە جاروبار دەبێتە خۆپیشاندانی سەر شەقامەکانی کرێکاری ، خۆی بە خۆیدا نیشاندەری پۆتانسیەڵی مەزنی بزووتنەوەی کرێکاریە بۆ پەیوەندیی لە گەڵ بزووتنەوەی جەماوەری و رێبەری کردنی ئەو تاکو سیستەمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی وەك تەنیا رێگای دەرباز بوون لە هەزاران دەرد و رەنج و مەینەتی کۆمەڵگای چەوسێنەرانەی داسەپاو .

ڕۆژی یـەکـەمی مـانگی مـەی دەبـێ ببێتە ڕۆژی تەداروکی خەباتی هەرچی مـەزنتر و بـەربڵاوتر دژی کـۆمـاری ئیسلامی .

بە دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاری و خەڵکی وەك ئەنجوومەن و شووراکانی ئەیاڵەتی و وەلایەتی لـە سەرانسەری وڵات زەمینەی باش و گۆنجـاو بـۆ جـێ بە جێ بـوونی ئیرادەی جـەمـاوەر فـەراهەم بکـەین .

## بارودۆخی ئاڵۆزی وڵات و وەزعی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێراندا !

یەکێك لە پێوانەکانی گرێنگی خەباتی چینایەتی و مەسەڵەکانی ئێستای ئێران ، پەرەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاریە . لە مەودای ئەم ساڵانەی دواییدا سەرمایەداری ئێران لە هەوڵ و تەقەلا بۆ گۆرانکاری لە پێکهاتی حکومەت بووە تاکو بە سەرنج ڕاکێشانی دامەزراوەکانی ماڵی جیهانی و بە تایبەت سندووقی نێونەتەوەیی دراو ، رەزامەندی گشتی سەرمایەدانەرانی ناوخۆیی و بیانی بە پەرەپێدانی ئاڵوگۆر پێکردنەکانی ماڵی ، توجاری و سەرمایەدانان لە ئێران بە دەس بهێنێ .

لە کەش و هەوای پڕ لە جموجۆڵی کە بەم هۆیە بە سەر کۆمەڵگا حاکیم بووە ، وەك سەرهەڵدانی دووبەرەکی و ناکۆکی تازە لە سەرخانی سیاسی چینی دەسەلاتدارە کە بوونی ئەم دووبەرەکیانە سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی ئاشکرا کردووە و بووەتە هۆی پاشەکشەی رێژەیی حکومەتی ئیسلامی . قسە و باسی ئاشکرا لە سەر ئەم ناکۆکی و دووبەرەکیانە کەش و هەوای کۆمەڵگای سیاسی کردووتەوە و بووەتە هۆی بەرز بوونی ئاستی تێگەیشتن و وشیاری کۆمەلانی خەڵك .

بەلام ئەوەی کە لە سەرخان و لە نێوان دەسەلاتداران و هەڵبژاردەکانی سیاسی چینی دەسەلاتدار لە ئارا دایە ، تەنیا بوارێکە لە ئاکامەکانی ئەو پروگرام و سیاسەتانەی کە ئەگەر سەرمایەی جیهانی و ناوخۆیی بتوانن ، دیانەوێ لە ئێراندا جێبەجێی بکەن کە تا ڕادەیێکی زۆریش جێبەجێی کردوون . بەلام ئەوەی کە لە قوولاییدا پەرەی بە دژایەتیەکانی چینایەتی دەدات ، بارودۆخی چینی کرێکار و بە دوای ئەودا زۆرینەی خەڵکی بێ بەشی کۆمەڵگایە کە وەك هەموو شوێنێکیتری ئەم دونیایەدا دەبێ ئاکام و بەداهاتەکانی تاڵ و مەینەت باری ئەم سیاسەتە چەوسێنەرانەی سەرمایەداری جیهانی و ناوخۆیی بە سەر شانی خۆیان ڕابکێشن . هێرشی ئاشکرا بۆ سەر مافە سەرەتائیەکانی کرێکاران ، لابردنی سۆبسیدەکان ، کەم کردنی حەق دەسی ڕاستەقینە ، لابردنی پاداشت و مەزایا کە بەرهەمی خەباتی دەیان ساڵەی کرێکارانە ، دەرکردنی بە کۆمەڵ و بێبەشی زیاتر بەشێکە لە ئاکامەکـانی ئەم سیاسەتە چەوسێنەرانەیە .

لە بواری ئازادیە سیاسیەکانیش سەرەرای هات و هوریای تەبلیغاتی سەبارەت بە کردنەوەی کەش و هەوای سیاسی کۆمەڵگا بۆ ئاواڵە کردنی دەستی بەشێك لە روشنبیران و هەڵبژاردەکانی سیاسی کۆمەڵگا بە مەبەستی دابین کردنی هەلومەرجەکانی زەینی ئەم سیاسەتانە ، چینی دەسەلاتدار بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی سەرمایەداری لە ئێراندا ، لەم بوارە بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێشان شتێك بە دیاری نەهێناوە و ناتوانێ بە دیاری بهێنی . لە بواری سیاسیش سرووشتیە کە رێك و پێك بوونی کاری و مەرکەزیەتی سیاسی بە تایبەت بە لە بەرچاوگرتنی پێکهاتی دژ بە یەکی کۆمەڵگا و بوونی مەسەڵەکانی سەخت و ئاڵۆزتی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی و فەرهەنگی ، تەنیا یەکێك لە مەرجەکانی بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراوە . ئەگەرچی مەرجی گەرانی سەرمایە و دانی متمانە و دڵنیایی بە سەرمایەدانان لە بەشی سەنعەت و بەرهەم هێنان تەنیا بە فەرمانی سنووردار کردنی قازانجی سەرمایە لە دەلاڵی و ئەو چالاکیانەی کە بەرهەم هێنەر نین و یان سنووردار کردن و وەلانانی نوێنەرانی سیاسی ئەوان لە ئورگانەکانی بڕیاردەر سەر ناگرێت ، بەڵکو بەربەست کردنی ئازادی هێزی کار و مل کەچ بوونی لە بەرانبەر سیستەمی سەرمایە و قبووڵ کردنی بەکار هێنانی زور و سەرکوتی کارکردی بازاری ئازاد ، یەکێك لە مەرجەکانی گرێنگی ئەم متمانە و دڵنیائیە بە سەرمایەدانان لە بەرهەم هێنان دەژمێردرێت . بەم شێوەیە لەم ڕوانگەیەیش زەخت و گوشار بۆ سەر کرێکاران زۆرتر دەبێ . ئەمەی کە لەم هەلومەرجە و لە چوراچێوەی سیستەمدا جەوێك بۆ قسە و باس لە سەر ناکۆکیەکان و ڕەخنەگرتن پێك دێت بەم شێوەیە هەیە کە تەنیا ئەو گۆڤارانە ئیجازە و مۆڵەتی بلاوبوونەوەیان ( **پاشماوە لە لاپەرەی ٤** )

**دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکان زامنی هەرە گرێنگی بەردەوام بوونی جووڵانەوەی خەڵکی**

# لیسته‌ی شه‌هیدانی رێکخراوله‌ مانگی گولاَن

## چه‌کوچه‌ خوێنی من له‌ ده‌ستی کرێکار    داسه‌ خوێنی من له‌ ده‌ستی جووتیار

| | |
|---|---|
| ئه‌حسانوڵلا ئیمانی | لاده‌ن ئاڵ ئاغا |
| سادق | مه‌هوه‌ش هاشمی |
| فره‌یدون ئاشووری | محه‌مه‌د ره‌زا قه‌نبه‌ر پوور |
| غولاَم حوسێن خاکباز | ئه‌حمه‌د ره‌زا قه‌نبه‌ر پوور |
| موحسین ره‌فعه‌تی | فه‌رزاد دادگه‌ر |
| روئیا عه‌لی په‌نا فه‌رد | عزه‌ت غه‌ره‌وی |
| فریشته‌ گول عه‌نبه‌ریان | ئه‌رژه‌نگ شایگان شام ئه‌سبی |
| شیرین مه‌عازد ( فه‌زیله‌ت که‌لاَم ) | ناسر شایگان شام ئه‌سبی |
| هادی فه‌رجاد پزشك | فه‌رهاد سدیقی پاشاکی |
| عه‌بدوڵلا په‌ نجه‌ شاهی | قوربان عه‌لی زه‌رکاری |
| عه‌لی ئه‌کبه‌ر ( فره‌یدون ) جه‌عفه‌ری | جه‌هانگیر باقرپوور |
| نه‌سرین په‌ نجه‌ شاهی | ئه‌بولقاسیم تاج عه‌لی |
| مه‌رزیه‌ ئه‌حمه‌دی ئوسکویی | محه‌مه‌د خوره‌م ئابادی |
| هه‌یبه‌توڵلا به‌هرامی سامانی | به‌هروز ئه‌رمه‌غانی |
| حه‌مید جه‌عفه‌ری نه‌ژاد | ئیسماعیل عابدی |
| مه‌سعوود دانیالی | زوهره‌ مودیر شانه‌چی |
| ئه‌کبه‌ر سه‌میمی | حوسێن فاتیمی |
| محه‌مه‌د عه‌لی حه‌سه‌نی | میترا بولبول سفه‌ت |
| خه‌لیل سوڵه‌یمان نه‌ژاد | کوبرا حه‌یده‌ریان |
| مه‌حموود نه‌مازی | عه‌لی که‌ره‌م داوه‌ری |
| کازم سه‌عاده‌تی | توره‌ج ئه‌شته‌ری |
| که‌ماڵ کیانفه‌ر | فه‌ریده‌ ( فاتیمه‌ ) غه‌ره‌وی |
| هوشه‌نگ ئه‌عزه‌می لورستانی | مسته‌فا حه‌سه‌ن پوور ئه‌سیل |
| مه‌قسوود به‌یرام زاده‌ | عه‌باس باقری |



(( سعید سلطانپور ))



## در هوای درهم شبگیر

چیست این سلول
چیست این دیوارهای پست بی روزن
جز برای یک دو روزی بیش
پایداری های لرزان در مسیر سیل
سیل بنیان کن

خنده‌ام میگیرد از تزویر نامردان
گریه‌ام خاموش وار اما ، به گلزاران جان
جاریست :
گرچه دیهیم شب آلوده‌دست با خون
رفیقانم
و به خون تازه‌ی من نیز
چند- دیو مردم آزاری
قحبه‌ی پیر تبه کاری
در کمیته ، قلعه کشتار
همچنان سرگرم خونخواری‌ست
لیک میدانم
و چو توفانهای سهم انگیز میخوانم :
ای به باغ خون نشسته
دست ها
پاها
آ ...ی ای چشمان خون پالا
در هوای درهم شبگیر
پشت سنگرهای سرخ سازمان عشق
پشت ابر شعله و باروت
با صدایی که میخواند خروس خشم
روی بامهای خانه‌ی مردم
پشت این شب
این شب فرتوت
صبح مردم
صبح بیداری‌ست

# مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و سیاسەتی ئێمە ( بەشی کۆتایی )



ئاوا ئاستێکی بەرزی خەبات و ئاستی بەرزی داخوازیەکانی چینایەتی بوو کە کۆماری ئیسلامیی هاندا تاکو ناوەرۆکی دژی گەلی خۆی بە تەواوی نیشانی خەڵك بدات و فەرمانی جیهاد دژی گەلی کورد دەر بکات و لە زەوی و ئاسمان خەریکی بومباران و سەرکوتی ئەو بێت . ئاشکرا بوو کە بەم ئاستە لە خەبات ئیمکانی سەرکوت و خەفە کردنی حەق خوازی شۆڕشگێرانەی دانیشتوانی لادێەکان خەیاڵێکی زۆرتر نیە و بەم هۆیە بوو کە ئەگەر چی خەباتی شۆڕشگێرانەی جووتیاران لە هەموو ناوچەکان تەنانەت لە کوردستانیش بە شێوەیەکی کاتی دابەزی بەڵام هەر زوو و لە کۆتائیەکانی مانگی خەرمانان بۆ جارێکیتر بەرز بووەوە و بە بڵاوبوونەوەی تەبلیغاتی بەربڵاوی رادیو و تەلەفزیون لە بارەی ئیمپریالیزمی ئامریکا و ئاشکرا کردن دژی لیبراڵەکان و دەوڵەتی کاتی ( بە دوای گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکا ) خەبات و جێبەجێ کردنی شۆڕشگێرانەی داخوازیەکان زۆر پەرەی گرت . بە شێوەیەك کە بە پێ هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە ژمارەی جارەکانی زەوت کردنی شۆڕشگێرانەی زەویەکان لە ١٢ جار لە ٦ مانگی یەکەم بە ٤٦ جار لە ٦ مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ گەیشت ( نزیك بە ٤ بەرانبەر ) و ژمارەی شووراکانی دامەزراو لە ١٤ دانە بە ١٩ دانە گەیشت . ئێستا ئەگەر لە بەرچاو بگرین کە بە دوای هێرش بۆ سەر کوردستان نووسینگەی ڕۆژنامەکانی شۆڕشگێر کەوتنە بەر فشار و یان بە تەواوی داخران و بەم هۆیە ئیمکانی هاتنی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێران بەم نووسینگانە و هەواڵنێری بە ڕادەی پێش لە ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٥٨ نەبوو و لە ئاکام دا ژمارەی جووڵانەوەکانی نووسراو لە ڕۆژنامەکانی شۆڕشگێر دابەزی ، تێدەگەین کە کار و چالاکی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی لادێەکان و بە تایبەت جووتیاران لە چ ئاستێکی بەرز بووە . ووتمان کە بە ئاشکرا کردنی دەوڵەتی کاتی لە لایەن " دانشجووەکانی پەیڕەوی خەتی ئیمام " و پەرە گرتن و بڵاوبوونەوە و ریشەدار بوونی ئەو لە لایەن ڕێکخراوەکانی شۆڕشگێر و کۆمۆنیستی ، ئیعتمادی و متمانەی کـۆمەڵانی خەڵك بە نیسبەت دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە رادەیەکی بەرچاو دابەزی و هەر ئەم شتە زەمینەیەك بوو بۆ پەرە گرتنی کار و چالاکی راستەوخۆی دانیشتوانی لادێەکان . نیشانەیکی‌تری ئاشکرای ئەم بێ ئیعتمادیە دابەزینی ژمارەی ڕاگەیاندراوەکان و دەرکردنی بەیاننامەکانی دانیشتوانی لادێەکان بۆ گەڵاڵە کردنی داخوازیەکانیان بوو ( ٩ جار لە ٦ مانگی دووهەم بە جێگای ٢٢ جار لە ٦ مانگی یەکەم ) . هەروەها ناردنی نامە و تەلەگراف بۆ دەوڵەت لە ٢٥ جار بە ٤ جار گەیشت . خراپ نیە ئەگەر لێرەدا ئاماژە بەم شتەیش بکەین کە بە دوای ئەو ڕێپیوانانەی کە لە تاران و شارەکانی‌تر بەرەو " لانەی سیخۆری " و یان گۆڕەپانەکانی شارەکان دەکرا ، لە شێوازی نارەزایەتیەکانی دانیشتوانی لادێەکاننیش ڕێپیوانەکان پەرەی گرت و زۆرتر بوو ( ١٠ جار لە بەرانبەر ٣ جاری ٦ مانگی یەکەم ) . لە گەڵ هەڵبژاردنی بنی صدر بە سەروك کۆماری و بە گشتی‌دا هاوکات لە گەڵ دیاریکردنی وەزعی دەوڵەت و هاوکات لە گەڵ روون بوون و جێگیر بوونی حکومەت ، هێرشی سیستەماتیك و بەردەوام دژی دەسکەوتەکانی جووتیاران و بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە مەسەڵەی میللیش لایەنێکی‌تری داخوازیە دیموکراتیکەکـانی ئەوان بوو ، دەستی پێکرد . داسەپـانـدنی شەڕی تورکـمەن سەحـرای قـارەمان لـە مانگی ڕێبەندان ( کـە هاوکـات بـوو لـە گـەڵ تـیروری وەحـشیانە و تـرسەنۆکانەی ڕیـبەرانـی خـەڵکی تـورکمـەن ) ، داگـیر کـردنی "ستادی شووراکان"و ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ، هێرش بۆ سەر شووراکان و دەسگیر کردن و ئەشکنجە دان و کوشتنی ڕێبەرانی ئەو ، داگیر کردنی سەر لە نوێی زەویەکانی زەوت کراو لە لایەن زەحمەتکێشانی تورکمەن ، هەموو و هەموو لە بەر خاتری تێك شکاندنی خەڵکی تورکمەن و جووتیاران و زەحمەتکێشانی دانیشتوی لادێەکان بوو .ئەگەر چی کردەوەکانی وەحشیانەی دەوڵەت توانی بە ڕواڵەت ئورگانی بەرزی جێبەجێ کردنی ئیرادەی خەڵکی تورکمەن هەڵوەشێندراو ڕابگەێنی ، بەڵام راستی ئەوەیە کە ئەم کارانە تەنیا توانی شێوازی ئاشکرا و بە تەواوی ئاشکرای خەباتی زەحمەتکێشانی تورکمەن لێان بستێنێ و بۆ ماوەێکی کورت خەباتی ئەوان تووشی لاوازی بکات . بەڵام خۆڕاگری زەحمەتکێشانی تورکمەن بە خێرایی دەوڵەتی تێگەیاند کە سیاسەتی سەرکوت بە تەنیایی ناتوانێ خەباتی خەڵك بە شێوەیەکی کاتیش کە بووە دابەزێنی . ئەمە بوو کە سیاسەتی بە تەما خستن و خەڵەتاندنی لە پێش گرت و تەسلیمی ئیرادەی جووتیاران و زەحمەتکێشانی تورکمەن لە بەرێوەبردنی کاروباری لادێ و کاروباری کشتوکاڵی و زەوی بوو و " شوورای جووتیاری " دانیشتوانی لادێەکانی بە گۆڕینی بە ڕواڵەت ( بە شێوەیەکی گشتی ) و لە ژێر ناوی " شووراکانی ئیسلامی جووتیاری " بە رەسمی ناسی. دەوڵەتی دژی گەلی کە لە سەرکەوتنەکانی ڕێژەیی لە سەرکوتیجووتیاران و زەحمەتکێشانی تورکمەن

مەسەلەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و . . .

گیانێکی تازەی بە خۆوە گرتبوو ، دەستووری هێرش بۆ سەر جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردیشی دەر کرد و لە یەکەم قۆناغدا نووکی تێژی هێرشی خۆی بەرەو لای شووراکانی زەحمەتکێشان لە شاری سنە ( واتە بنکەکان ) کرد.پاشان سەرانسەری کوردستانی بە ئاگر کیشا تاکو هەموو کینەی خۆی بە نیسبەت ماف و دەسکەوتەکانی دیموکراتیکی جووتیاران و زەحمەتکێشان نیشان بدات . لە هەر شوێنێک کە دامەزراوە و پێکهاتێکی خەڵکی و دیموکراتیکی دەبینی ، بومبارنی دەکرد و بە تۆپ و هاوەن وێرانی دەکرد و لە هەر شوێنێک کە خۆراگری خەڵکی دەبینی بە مەبەستی سەرکوت کردنی ئەو سیاسەتی لە ناو بردن و قەتلوعامی دانیشتوانی ئەو شوێنەی جێبەجێ دەکرد و بەم سیاسەتە توانی تا ڕادەیەک خەباتی جووتیاران و توێژەکانیتری خەڵکی کورد بە شێوەیەکی نهێنی ، دوور لەو چاو و تەنیا و ایزوڵە دەر بێنێ .تەعکید لە سەر ئەم شتە زەرور و پێویستە کە دەوڵەت سەرکوتی وەحشیانەی جووتیاران و دانیشتوانی لادێکانی بە هیچ شێوەیەک بەربەست نەدەکردە ناوچەکانی ناوبراو.هەر شوێنێک کە ئاسەوارێک لە جوولانەوەکانی دیموکراتیک ، کار و چالاکی شۆڕشگێرانە و خەبات دژی پاشماوەکانی کردەوەکانی دەرەبەگایەتی دەبینی ، سەرکوتی دەکرد . و تەعکیدی ئێمە لە سەر ئەم دوو ناوچەیە لە بەر خاتری ناو بردنی بەرچاوترین نموونەکان بووە . ئاشکرایە کە بە نیسبەت و بە دوای سەرکوتی خەبات لە ئاوا سەنتەرەکانی پڕ لە تینی خەباتگێری ، ناوچەکانیتریش بە ڕادەیەکی زۆرتر سەرکوت کران و تووشی لاوازی بوون. سەرەرای ئەم هەمووە خەباتگێری و تەنانەت کار و چالاکی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی لادێکان و جووتیاران هەروا بەردەوام بوو . تەنیا ئاست و ڕادەی ئەو دابەزی . بۆ نموونە زەوت کردنی زەوی لە ٤٦ جار لە ٦ مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ بە ١٩ جار لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٥٩ و دامەزراندنی شووراکان لە ١٩ جار بە ١٦ جار دابەزی.بەڵام سەرنج ڕاکێشترین بەشی هەڵسەنگاندنی ئێمە لە جوولانەوەکانی جووتیاری بەرچاو گەڵاڵە کردنی داخوازیەکان لە ڕێگای ناردنی نامە،مانگرتن و دەرکردنی بەیاننامە و ڕاگەیاندراو و. . . هیتد بووە :

| جۆری جوولانەوە و داخوازی | ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٥٩ | ٦ مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٥٨ |
|---|---|---|
| نامە و تەلەگراف | ٢ جار | ٤ جار |
| مانگرتن | ---- | ١٣ جار |
| دەرکردنی ڕاگەیاندراو و بەیاننامە | ٢ جار | ٩ جار |
| داخوازی زەوت کردن | ٥ جار | ٢٠ جار |
| داخوازی دامەزراندنی شوورا | ---- | ٢ جار |
| کۆی گشتی | ٩ جار | ٤٨ جار |

و ئەمە بە باشترین شێوە دابەزینی متمانە بە نیسبەت حکومەت و لە ناو چوونی گۆمانەکانی ئەوان بە نیسبەت حکومەت نیشان دەدات.

بە دەس پێکردنی شەڕ و توندتر بوونی جموجۆڵەکانی دژی دیموکراتیکی حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە بیانوی لاواز کردنی بەرەی ناوخۆیی هێرش بۆ سەر دەسکەوتەکانی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵانی ستەم لێکراوی لادێکان پەرەی گرت . هەروەها ، بە دواکەوتنی جێبەجێ کردنی بەندی ج لایەحەی قانوونی ریفورمەکانی زەوی کۆماری ئیسلامی کە چاوەدێری دابەشکردنی زەویەکانی گەورەی خاوەن زەویەکان بوو ، و قسەکانی یەک بە دوای یەکی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پیویستی زیاد کردنی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی و تەعکید لە سەر جێگیر کردنی وەزعی پێشوو لە بەر دانەبەزینی ڕادەی بەرهەم هێنان ، خاڵی پاڵپشتی و پشتوانەی بە هێزێک بوو بۆ خاوەن زەویەکان و دەرەبەگەکان تاکو جووتیاران سەرکوت بکەن و زەویەکانی زەوت کراوی خۆیان وەر بگرنەوە . لایەنگری و پشتیوانی سوپای پاسداران ، دادگاکانی شۆڕش ، جیهادی سازندەگی و . . . هیتد لەم چەشنە کردەوانە ( و یان لە باشترین حاڵدا گوێ نەدان و مەشغوڵ کردنی خەڵک و دەس بە سەر کردنی ئەوان ) زەخت و فشار بە سەر کۆمەڵانی زەحمەتکێش و جووتیارانی دانیشتوی لادێی زۆرتر لە هەموو کاتێکیتر کرد . بەڵام لە لایەکیترەوە کەم بوون و گران بوونی باری ژیانی بە سەر شانی دانیشتوانی لادێکان کە تەنیا پاشکەوتی کەمی خۆیانیش لەم دوو ساڵەی قەیران و ڕاوەستانی ئابووریە لە دەس دابوو ، یەکجار زیاد کرد . بە تایبەت کەم بوونی سوتەمەنی ماشینەکانی کشتوکاڵی و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندنیش ئیمکانی گەیاندنی بەرهەمەکانی بۆ بازار لەوانی ئەستاند و هەم ئیمکانی کشتوکاڵ لە گەڵ ماشینەکانی کشتوکاڵیی بە زۆری کەم کردووە و ویمکانی دابین کردنی ئاو بۆ کشتوکاڵ و کار لەو ناوچانەی کە لە ماتۆرەکانی بیری قووڵ و نیوە قووڵ کەڵکیان وەردەگرت ، بە ڕادەیەکی زۆر لە ناو برد . ئەگەر بەم هەمووە هۆکارەکانی جێگیر بوونی نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی ( بە تایبەت گەنم ) و هێنانی زۆری ئەم بەرهەمانە لە دەرەوەی وڵات ( بە تایبەت برنج ) زیاد بکەین ، فشاری زۆر لە سەر جووتیاران ئاشکراتر دەبێ . لە ئاوا هەلومەرجێکدا بەرز بوونەوەی خەباتی جووتیاران لە داهاتوودا شتێکی بە تەواوی حەتمیە . بزووتنەوەی جووتیاری سەرەرای هەر جۆرە دابەزینێکی کاتی کە ئاشکرایە نە تەنیا سەرچاوەی ئەو زەخت و فشاری ئۆرگانەکانی سەرکوت و تەبلیغاتی فریوکارانەی حکومەتە ، بەڵکو نەبوونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی چالاک و هەروەها خیانەت و سازشکاری " کومیتەی ناوەندی " ( مەبەست ڕەوتی ناسراو بە ئەکسەریەتە ) بە نیسبەت بزووتنەوەی خەڵکان و جووتیاران لەوێدا کاریگری هەیە ، بۆ جارێکیتر بەرز دەبێتەوە و هاو هەنگاو لە گەڵ بەرزبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، خوێندکارانی زانکۆکان و قوتابیان و توێژەکان و چینەکانیتری خەڵک بە ڕێ دەکەوێ و بۆ وەدیهێنانی هەموو داخوازیەکانی خۆی دامەزراوە و پێکهاتەکانی شۆڕشگێر و دیموکراتیکی خۆی زیندو دەکاتەوە .

کۆی قسەکانمان

یەکەم :

١ _ ئاڵوگۆڕی زەوی لە ئێران " ڕێگای پروسی " ی تێپەر کردووە و دەکات کە ئاڵوگۆڕێکی خاو و لە گەڵ دڵتەزێنترین ئاکامەکان بۆ جووتیاران بووە و دەبێ .

٢ _ ئەم خاو بوونی ئاڵوگۆڕە بووەتە هۆی ئەوەی کە :

ئەلف ) هێشتاکە پاشماوەکانی پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵگا هەبێ ( بەش هەڵگرتن ) " ئەربابەکان و دەرەبەگەکان " ، " سەروکی خێڵ و عەشیرەتەکان " و " سەردارەکان " هێز و دەسەلاتێکی زۆر و بەرچاویان هەیە . ب ) نابەرابەری کۆمەڵایەتی بە ←

**مەسەلەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و . . .**

شێوەی نابەرابەری زەوی لە لادێکان هەروا بەردەوامە . بە شێوەیەک کە ( بە پێ ئاماری ساڵی ١٣٥٤ ) ٨٢٪ی جووتیاران ( هەژار ، وردە پا ( تا ڕادەیەک هەژار ) ، میانە حاڵ ( مام ناوەندی ) ) خاوەن ٢٣٪ی زەویەکان بن و ١٪ی ئەوانەی کە کەڵکی لێ وەردەگرن ( خاوەن مڵکەکان و خاوەن زەویەکانی گەورە ) خاوەن ٢١/٥٪ی زەویەکان بن.

٣ _ بورژوازی گەورە زەویەکانی وردە مالیکەکانی کە لە ناو جەمسەرەکانی کشتوکاڵیە سەر لە نوێ و بە زەخت و زور لێان دەستێنێ و ئەوانی ئاوارەی شلرەکان دەکات . و ئەم خالە سەرەتای جووڵانەوەی جووتیاران و زەحمەتکێشان بە دوای ڕاپەرین بووە .(خشتەی ژمارەی یەک لاپەرەی ٣٢)

دووهەم :

١ _ دانیشتوانی لادێکان بە گشتی بە بوونی گۆمانیان بە نیسبەت دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی چاوەرێ کار و کردەوەکانی دەوڵەت بوون ، ئەگەر چی زەحمەتکێشان و جووتیارانی ستەم لێکراوی خەڵکانی کورد و تورکمەن بە پێکهاتن لە ڕێکخراوەکانی دیموکراتیکی خۆیان ( شوورا ، ئیتیحادیە ) لە هەمان سەرەتاکانی ڕاپەرین دەستیان دایە کردەوەی شۆرشگێرانە ( زەوتی خاوەن مڵکایەتی لە خاوەن مڵکەکان و سەرمایەداران ) و وەڵامیان دایە پێویستی و زەرورەتی کۆمەڵگا ( " شۆرشی جووتیاری " ) .

٢ _ بە دوای گرتنی باڵوێزخانەی ئامریکا کردەوەی ڕاستەوخۆی جووتیاران ڕوو لە زیاد بوون کرد و بە سەرکوتی دووبارەی بزووتنەوەی خەڵکان ( کوردستان ، تورکمەن سەحرا ) جووتیاران ئەگەر چی لە جموجۆڵ ڕانەوەستان و هەروا لە جم و جۆڵدا بوون و ئارەزووی پارچە زەویەک ئەوانی لە گۆرەپانی خەبات ڕاگرتووە ، بەڵام ئەوەندە هیوایان بە وەدی هاتنی ئەم ئارەزووە نیە . ٣ _ دەبێ " ئارەزووی جووتیاری " بە " شۆرشی جووتیاری " بیگۆرین .

## پرۆگرامەکان

١ _ میللی کردن : ئامانجی پرولیتاریا لـە " میللی کردن " ی زەویەکان لە ناو بردنی کوسپەکـانی بـەر رێگـای پـەرەسـانـدنی پـەیـوەنـدیەکـانی سەرمایەداریە .ئەم کوسپە هەمان پاوانخوازی بوونی خاوەن مڵکایەتی زەوی و کەڵک وەرگرتن لە " رانتی تەواو " ( وا بیر دەکەینەوە کە ووشەی " عەشریە " مانایێکی باشە بۆ ئەم بەشەی زێدە باری ) لە لایەن خاوەن مڵکەکانە . چونکە " سەرچاوەی رانتی تەواو خاوەن مڵکایەتی تایبەتی لە سەر زەویە . ئەم رانتە فاکتەری پاوانخوازی ، فاکتەری نرخی پاوانخوازی وە بەر دەگرێ . خاوەن مڵکایەتی تایبەتی زەوی کوسپە لە بەر ڕێگای کێبەرکێ ئازاد ، کوسپە لە سەر رێگای هاو ئاست بوونەوەی سوود و پێک هاتنی سوودی مام ناوەندی لە کۆمپانیاکانی کشتوکاڵی و غەیری کشتوکاڵی . " ( کۆمەڵە نووسراوەکان " پرۆگرامی زەوی سوسیاڵ دیموکراسی " کتێبی ١٣ ).

بۆیە " میللی کردن " نە کردەوەیەکی سوسیالیستی بەڵکو کردەوەیەکی بورژوائیە . هەڵبەتە بە هۆی میللی کردنی زەوی بەشی دیکەی رانت واتە رانتی تەفازوڵی کە سەرچاوەی ئەو شێوەی کشتوکاڵی کاپیتالیستیە ، لە خاوەن زەوی زەوت دەکرێ و دەچێتە گیرفانی دەوڵەت و بەم شێوەیە ئەم رانتە تا ئەو کاتەی کە سیستەمی سەرمایەداری هەیە ، ناتوانی لە ناو بچێت . بە واتایەکی‌تر بە هۆی میللی کردن رانتی تەواو لە ناو دەچێ و دەوڵەت دەبێتە خاوەنی رانتی تەفازوڵی .

" بۆیە ، لە لایەکەوە میللی کردن توزە ریفورمێکە لە سنوورەکانی سەرمایەداری ( گۆرانکاری لە خاوەنەکانی بەشێک لە زێدەباری ) و لە لایەکی دیکەوە ئەو پاوانخوازیەی کە کوسپی بەر ڕێگای پەرەسـاندنی سەرمایەداری بە شێوەیـەکـی گشتی دەبێ ، لە ناو دەبات " ( لینین لاپـەرەی ٣٠ی هەمان کتێب ) .

٢ _ شێوەی جێبەجێ کردنی ئەو : تەجرووبەی دوو ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی جووتیاری ( و هەروەها بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی توێژ و چینەکانی‌تری خەڵک ) لە ئێران و ( تەجرووبەی بزووتنەوەی جیهانی لانی کەم لە دەورەی ئیمپریالیزم ) بە ئاشکرایی نیشانی دەدات کە چی‌تر دەورانی " ریفورمەکانی بوروکراتیکی زەوی " لە لایەن دەوڵەتانی بورژوایی بە سەر چووە و " ریفورمەکانی دیموکراتیکی زەوی " لە خوارەوە و لە لایەن جووتیاران و دامەزراوەکانی دیموکراتیکی ئەوان لە دەوڵەتانی دیکتاتۆری دیموکراتیکی خەڵک تەنیا ڕێگا چارەسەری مەسەلەی زەوی و وەڵامدەری پیویستیەکانی کۆمەڵگایە .

" بۆ ئەوەی کە بتوانین بە ریفورمی زەوی لە رووسیا کە حەتمی جێبەجێ دەکرێ ، رۆڵی دیموکراتیک و شۆرشگێرانە بدەین تەنیا یەک ڕێگا وجوەی هەیە ، ریفورمی زەوی دەبێ بە داهێنانی خۆدی جووتیاران ، لە بەربەرەکانی لە گەڵ خاوەن مڵکەکان و بوروکراسی و بەربەرەکانی لە گەڵ دەوڵەت ، بە واتایەکی‌تر دەبێ بە یارمەتی وەرگرتن لە ئامرازی شۆرشگێرانە ئەنجام بدرێت . "

ئەگەر چی خۆەی پلانی ریفورمەکانی دیموکراتیکی زەوی سنووری ئێمە لە گەڵ ریفورمیستەکان بە باشی نیشان دەدات و بە شێوەیەکی ئەساسی حەرەکەتی ئێمە بەیان دەکات بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە ئەرکی ئێمە کە وەڵامدانەوەی دیاریکراو بە پیویستی دیاریـکـراوی کۆمەڵگای ئێمە ، بە مەبەستی دابین کردنی ئیمکانی تەبلیغ لە نێوان کۆمەڵانی دانیشتوی لادێکان و جووتیارانە ، کەم ناکـاتەوە . بەم هۆیە ئێمە بە دانی پلانی دیـاریـکـراوی ریفورمی زەوی خۆمـان لە ناوچەکـانی جۆراوجۆر بە ئاستەکـانی جـۆراوجـۆری پەرەسانـدن خەریک دەبین :

ئەلف ) زەوی میکانیزە کە پەیوەندیەکانی پێشکەوتووی سەرمـایەداری بـە سەریـانـدا حـاکیمە ( تورکـمەن سەحـرا ، کشت و سـەنعەتەکـان و . . . هیتد ) .

دروشمەکان لە ئاوا واحییانە وەک دروشمی ئێمە لە کارخانەکانە : کونترۆڵ و چاوەدێری لە سەر بەرهەم هێنان لە لایەن شووراکانی واحید . بەڵام لە بەر ئەوەی کە یەکەم زەویی زۆربەی ئەم واحیدانە بە زەخت و زور لە جووتیاران زەوت کراوە و خۆدی ئەوان وەک کرێکار لە سەر ئەوانـدا کار دەکەن و ئارەزووی دێرینی جووتیاران بۆ وە دەس هێنانی پارچە زەویەک هەروا ماوەتەوە و تەعسیری هەیە ، دووهەم تەداروک و دابین کردنی ماشین و ئامرازەکان و کەلوپەلی پیویست بۆ ئیستیفادە کردن لە واحیدەکانی ئاوا گـەورە لـە

**مەسەڵەی زەوی ، بزووتنەوەی جووتیاران و . . .**

ولاتی گرێدراو و غەیری سەربەخۆی ئێمە ( لانی کەم لە هێندێک کات ) زۆر دژوارە ، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر لە بە کار هێنانی ئەم ئوسلوبە زیادەرەوی بکەین و لە هەموو شوێنێک بە بیر و فیکریەتی وشک و کوێر کوێرانە خوازیاری جێبەجێ کردنی خێرای کشتوکاڵی شوورایی بین ، دەبێ بە پێ هەلومەرجەکان زەوی بدەینە جووتیاران . لینین لە وەڵامی ئەو موغریزانەی کە قسە لە " باشتر بوونی تەکنیکی کشتوکاڵی گەورە " دەکەن و دابەشکردنی ئەم زەویانە وەک پاشەکشە دەزانن ئاوا دەنووسێ :

" . . . ئیعترازێک کتە وەک هەمیشە بەم شتە دەکرێ . . . زۆرتر بریتیە لە تێکەڵ کردنی راستیەکی تیئوریکی بێ ئەملا و لا لە گەڵ ئۆپۆرتۆنیزم و خیانەت بە نیسبەت شۆڕش . بە هۆی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە ، پرولیتاریا بۆی نیە لە دابەزینی کاتی ئاستی بەرهەم هێنان دریغی بکات . . . " ( پلانی سەرەتایی تزەکانی سەبارەت بە مەسەڵەی زەوی ، لاپەرەی ٧٧٤ی کۆمەڵە نووسراوەکان ) .

ب ) زەوت کردنی شۆڕشگێرانە و دابەشکردنی زەویەکانی مالیکەکان ( لەو جێگایە کە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی زاڵە ) : لەم زەویانە کە شێوەکانی بەرهەم هێنانی کۆن حاکیمە ، ئامرازی بەرهەم هێنانی کۆن بە کار دێت و ئاستی وە دەس هێنانی بەرهەم لە خوارەوەیە و هێزی کاری زیادی بەرو لای شارەکان ڕانەکێشراوە ، دانی دروشمی کشتی بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەم هێنان ، بێ توانایی لە دابین کردنی ئامراز و ماشینەکانی کشتوکاڵی ، هەزینەکانی زۆر بە سەر دەوڵەت و بێکاری یەکجار زۆری خەڵک . بۆیە لەم زەویانە دروشمی " زەوی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە سەری ئەوادا کار دەکەن " دروشمێکی باش و گونجاوە . بەچاوترین نموونەکانی ئاوا زەویانەی لە کوردستان و ئازربایجانی ڕۆژهەلات دەتوانین ببینین .

ج ) دامەزراندنی تەعاونیەکانی بەرهەم هێنان ( لەو ناوچانەی کە بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن وردە مالیکەکان و جووتیارانی مام ناوەندی ( میانە حاڵ ) ئەنجام دەدرێ ) .

لەم ناوچانە ئێمە دەبێ سەرەرای تەبلیغی دامەزراندنی تەعاونیەکان ، جووتیاران بە ئاشنا کردنی نموونەکانی سەرکەوتووی ئەو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هان بدەین . تەبلیغی ئەم دروشمە لەو ناوچانەیش کە جووتیاران زەویان لێ زەوت کراوە ( زەویەکانی میکانیزەی گەورە ، کشت و سەنعەتەکان و شرکەتەکانی سەهامی کشتوکاڵی ) خوازیاری دابەشکردنی زەویەکانن ، خاوەن گرێنگی تایبەت بە خۆی هەیە . هەرووەها دروشمی " لە ناو بردنی قەرزەکان بە بانکەکان و دامەزراوەکانی ماڵی " و " دانی وامی بێ سوود " و " دابین کردنی هەموو جۆرە یارمەتی تەکنۆلۆژیک وەک ماشین و ئامرازەکان ، پەین ، توو و . . . . هیتد " لە بەشەکانی پروگرامی ئێمە دەبێ بێت .

د ) لە هەر مەورد و لە هەر هەلومەرجێک دەبێ تەعکید بکەین لە سەر پیویستی دامەزراندنی رێکخراوی سەربەخۆی پرولیتاریای لادێ . ئەم ئەرکە بە تایبەت لە تورکمەن سەحرا و جەمسەرەکانی کشتوکاڵی لەو ناوچانەی کە مەسەڵەی نەتەوایەتی لایەنێکیتری خەباتی دیموکراتیکە ، گرێنگی زۆرتری هەیە . لە بەر ئەوەی کە دەوڵەت هەوڵ دەدات بە پەرەپێدانی جیاوازیەکانی میللی بەلوچ ، تورکمەن ، عەرەب ، فارس و . . . هیتد ، زەحمەتکێشان و کرێکارانی ئەم ناوچانە لە گەڵ یەکتر بە شەڕ بدات و خەباتی چینایەتی بە لارێ ببات .

ه ) هەمیشە و هەموو کات لە ئاشکرا کردنی ریفورمەکانی بوروکراتیکی زەوی لە لایەن دەوڵەت تێبکۆشین . ئاشکرا کردنی کومیسیونەکانی ٧ کەسی کە پیکهاتووە لە ٥ ئەندامی دەوڵەتی ( ٢ کەس نوێنەری وەزارەتی کشتوکاڵ ، ١ کەس نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ یان پارێزگای ناوچەکە ، ١ کەس نوێنەری جیهادی سازندەگی ، ١ کەس نوێنەری حاکیمی شەرع ( سەرنج بدەنە موافقەی حاکیمی شەرع و بێ گۆمان ئاوا موافقەیەک ناتوانێ جگە لە پالپشتی بەم ئەسڵە بێت کە نوێنەری راستەقینەی خەڵک نوێنەری پەسەند کراوی حاکیمی شەرع واتە دەوڵەتە ) ، دەبێ خالیێک بێت کە " ئێمە دەبێ تەبلیغی خۆمان لە لادێ بێ درەنگ کردن لە سەر ئەودا کۆ بکەینەوە " ( پروگرامی زەوی لیبراڵەکان ، لاپەرەی ٥١ ، کتێبی " ٧ بابەت لە بارەی مەسەڵەی زەوی و بزووتنەوەی جووتیاری " ) . سەبارەت بەم مەسەڵەیە ئێمە بە دروستی و بە چەندین جار لە نەبەردی خەڵق ژمارەی ١ دەورەی تازە تەعکیدی لە سەر کردووین ( لاپەرەکانی ١٠۶ و ١٧٤ ) . لە کۆتاییدا بۆ جارێکیتر ئەم رێنوینیەی لینینی مەزن وە بیر دینینەوە کە :

" تەنیا دروشمێک کە پیویستیەکانی ئاوا زەمانێک دابین دەکات و خەباتی چینایەتی بە ئاستێکی بەرز دەگەێنێ ، کومیتەکانی شۆڕشگێری جووتیاری ( بڵێ شووراکانی جووتیاری ) بۆ زەوت کردنی شۆڕشگێرانە وەک ئامرازی زەوت کردنی شۆڕشگێرانەیە . "

( سوسیالیزم و جووتیاران ، لاپەرەی ٥٨ی هەمان کتێب ) .

**کرێکارانی پێشڕەو !**

**بە هەڵبژاردن و دانی دروشمەکانی تاکتیکی ، پەردە لە سەر ناوەڕۆکی سست و لاواز و ناپێگیری شێوازەکانی تاکتیکی و دروشمەکانی بەرنامەیی ئەحزاب و تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوایی هەڵگرن .**

# بەشێك لە ڕاگەیاندراوەكانی كـومیتەی كـوردستان لــە مـانـگی خاكەلێوە

## جنایەتی بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی لە كوشتنی زەحمەتكێشانی ناوچەكانی سەر سنوور مەحكووم دەكەین !

كرێكاران ، زەحمەتكێشان و كۆمەلانی ستەم لێكراوی كوردستان و ناوچەكانی‌تری ئێران :

بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی پێكهاتوو لە ئورگانەكانی چەكداری نیزامی و ئینتزامی بە پێ فەرمانی فەرماندەكانی جنایەتكاری خۆیان هەر ڕۆژدا بە پێكانی سینگی یەكێك لە ڕۆڵەكانی زەحمەتكێشی ناوچەكانی سەر سنووری ولاتەكەمان كە بە تەحمووڵی ڕەنج و مەینەتی یەكجار زۆر خەریكی قاچاق كردنی كەلوپەلن لە ناوچەكانی سەر سنوور و لە هەلومەرجی قەیران و گرانی و بێكاری سەرچاوەگرتوو لە دزی و تالانی مافیای دەسەلات و سروەتی حاكیم بە سەر ئێراندا چارەیێك جگە لە بژیو بەم شێوەیانە نیە ، لاپەرەیێكی‌تری ڕەش بە سەر كارنامەی پڕ لە قەتڵ و ئینسان كوژی خۆیان و سەركرە جنایەتكارەكانی خۆیان زیاد دەكەنەوە .

لە شارەكانی باكوور وەك سەلماس و ورمی بگرە تاكو خانە و مەهاباد و مەریوان و قەسری شیرین و . . . بەكرێگیراوانی ئینسان كوژی كۆماری ئیسلامی جێگیر لە پێگەكان و جادەكانی سەر سنوور لە كەمینی ئەو ئینسانە زەحمەتكێشانە ڕاوەستاون كە لە بەرانبەر وەرگرتنی پوولێكی زۆر كەم كە تەنانەت زكی ژن و منداڵەكانیان تێر ناكات خەریكی قاچاق كردنی كەلو پەلێكن وەك چای و صابون و . . . و لەم ڕێگایە تەنیا بەشی ئەوان گوللەی ئەو بەكرێگیراوانەیە كە چاو و گوێ بەستراو قامك لە سەر پلاپیتكەی نەفرەت و كینە دادەنێن . ئێمە وێرای مەحكووم كردنی جنایەتەكانی ئەم دوائیەی بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی لە كوشتنی پێنج كەس لە هاوولاتیانی زەحمەتكێشی سەر سنوور ، سەرجەم كۆمەلانی ستەم لێكراوی ناوچە سنووریەكان بە یەكگرتن و بەردەوام بوون لە سەر جوولانەوەی نارەزایی بۆ نارەزایە دەربرین بە نیسبەت جنایەتەكانی ئەم دوائیەی بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی بانگەواز دەكەین .

*******************

## پیلانی هاوبەش بە مەبەستی بەلارێ بردنی بزووتنەوەی دژی داگیركەران لە عێراق مەحكوومە !

ماوەیەكە كە شێعەكانی باشووری عێراق بە ڕێبەرایەتی ئاخوند موقتەدا سەدر لە شەرێكی بەردەوام لە گەڵ هێزەكانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لە شارەكانی بەسرە ، ناسریە ، بەغدا و . . . دەیانەوێ ڕۆلی خۆیان لە قەیرانی عێراق بگێرن . ئەوەی كە ئاشكرایە كونترۆلی چەندین شار لە مەودای چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن هێزەكانی میلیشیای سەر بە موقتەدا سەدر و شەڕەكانی ئەم دوائیە لە گەڵ هێزەكانی هاوپەیمان دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامە و پیلانی داگیركەرانی ئیمپریالیست و بەكرێگیراوانی سەر بە ئەوان كە ڕاستەوخۆ لە ژێر سەیتەرەی كۆماری ئیسلامین و ئامانجی ئەم هات و هوریایەی بە ڕواڵەت دژی ئیمپریالیستیە تەنیا بەلارێ بردنی خەباتی خەڵكی و كونترۆلی ئەو لە ناو دەستی ڕێبەری دواكەوتووی گروپە شێعەكانە كە خۆبەخۆ لە باشترین خزمەتكارانی ئیمپریالیزمی جیهانین . تەجرووبەی مێژوویی ڕاپەرینی ۲۲ی ڕێبەندانی خەڵكانی ئێران و ڕێبەر تەراشی ئیمپریالیستەكان لە ڕەوتی ئەم ڕاپەرینە گەورەترین دەرس و ئەزموونە بۆ كۆمەلانی نارازی لە بوونی داگیركەرانی ئیمپریالیست لە ناو خاكی عێراقدا .

كۆمەلانی ستەم لێكراو و نارازی دەبێ بە تێگەیشتنی ئاوا مەترسیێكی گەورە بزووتنەوەی دژی داگیركەری لە هێلی ئەسڵی و سەربەخۆی خۆی بەرەوپێش ببەن و ڕێگای پیلانگێری هاوبەشی ولاتانی ئیمپریالیستی ، دەوڵەتانی دواكەوتووی ناوچەكە وەك كۆماری ئیسلامی و گروپەكانی بەكرێگیراو و دواكەوتوو ببەستن.

مەرگ و نەمان بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەركردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریكا

*****************

## جنایەتی بەكرێگیراوانی ڕێژیم لە كۆشتاری خەڵكی بێ دیفاع بە توندی مەحكوومە !

كرێكاران ، زەحمەتكێشان و كۆمەلانی ستەم لێكراو :

سەر لە بەیانی ۱۸ی خاكەلێوەی ۱۳۸۲ ئۆتۆمۆبیلێك لە جۆری مینی بوس كە پڕ بوو لە مسافر لە ڕێگای نێوان مەریوان و سەوڵ ئاوا لە لایەن هێزەكانی چەكداری ئینتزامی بە بیانۆی بوونی كەلوپەلی قاچاق درایە بەر دەسرێژ و لە ئاكامی ئەم جنایەتە دژی ئینسانیەی بەكرێگیراوانی كۆماری ئیسلامی ۷ كەس لە مسافرەكانی مینی بوسی ناوبراو بە توندی بریندار بوون . پیویستە ئاماژە بەمە بكرێ كە لە پشكنینی ئۆتۆمۆبیلی وەرگەراو هیچ كەلوپەلێكی قاچاق نەدۆزراوەتەوە .

بەكرێگیراوانی هێزی ئینتزامی بە فەرمانی فەرماندەكانی جنایەتكاری خۆیان زۆر دەمێكە كە لە ناوچەكانی سەر سنوور بە خەیاڵی ڕاحەت خەریكی جنایەت و ئینسان كوژین . ڕۆژێك نیە كە زەحمەتكێشانی ناوچە سەر سنووریەكان نەكەونە كەمینی هێزەكانی ڕێژیم و گیانیان لە دەس نەدەن .

ئێمە وێرای مەحكووم كردنی دوا جنایەتەكەی بەكرێگیراوانی چەكداری ئینتزامی ڕێژیم لە كۆشتاری ئەو ئینسانە بێ تاوانانە كە سەر لە بەیانی ئەمڕۆ كەوتنە بەر دەسرێژەوە ، سەرجەم كۆمەلانی زۆلم لێكراوی ناوچەكانی مەریوان و سەوڵ ئاوا و هەروەها ناوچەكانی‌تری كوردستان بە پەرەپێدانی حەرەكەتە نارەزائیەكان بە نیسبەت كردەوەیێكی ئاوا بێ شەرمانە بانگەواز دەكەین .

**گۆڤارەكانی (( كار كمونیستی )) ، (( جهان كمونیستی )) ، (( دان اولدوزو )) (( ڕێگای گەل )) ، و هەروا تازەترین ڕاگەیاندراوەكانی ڕێكخراو لە سایتی ڕێكخراو وەرگرن:**

www.fedayi.org

**ناونیشانی سایتی ڕێكخراو ، پۆستی ئلكترۆنیك و كومیتەی كوردستان ، و ژمارە فاكسی پەیوەندیە گشتیەكانی ڕێكخراو بریتین لە :**

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

# ووشەی سیاسی

## دیکتاتۆری پرولیتاریا

بریتیە لە هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتی چینی کرێکار کە لە ئاکامی رووخان و لە ناوچوونی سیستەمی سەرمایەداری و تێکشکاندنی ماشینی دەوڵەتی بۆرژوازی پێک دێت . دیکتاتۆری پرولیتاریا چەمک و ناوەڕۆکی ئەساسی شۆڕشی سۆسیالیستی و مەرجی سەرەکی جێبەجێ بوونی ئەو و ئاکامی ئەساسی و حەتمی سەرکەوتنی ئەوە . پەروەردەکانی پەیوەندیدار لە گەڵ دیکتاتۆری پرولیتاریا لە گرینگترین ئۆسوڵەکانی تیئۆری مارکسیزم _ لینینیزمە . پرولیتاریا لە هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆی ، لە سەیتەرەی سیاسی خۆی بۆ تێکشکاندنی موقاوەمەتی چەوسێنەران ، بۆ سەقامگیر کردنی سەرکەوتنی شۆڕش ، بۆ بەرگری کردن لە هەر چەشنە جموجۆڵێک بە مەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵات و هێزی بۆرژوازی . بۆ دیفاع کردن لە بەرانبەر دەستێوەردان و تەداخوڵاتی دواکەوتوویی نێونەتەوەی ئیستفادە دەکات . بەم حاڵەیش دیکتاتۆری پرولیتاریا بە مانای بەرێوەبردنی کردەوەی زۆر دژی چینەکانی چەوسێنەر نیە . دیکتاتۆری پرولیتاریا کردەوەیکی داهێنەرانە و سازندەیە . دیکتاتۆری پرولیتـاریـا ئامرازێکە بۆ سەرنج ڕاکێشانی کـۆمەڵانی مەزنی زەحمەتکێشـان بەرەو لای چینی کرێکار و بەسیج کـردنی ئەوان لە بنیات نانی کۆمەڵگای نوێ ، واتە کۆمەڵگای سۆسیالیستی .

دیکتاتۆری پرولیتاریا ئەساسیترین ئامرازی گۆڕانکاری بنەڕەتی و هەموو لایەنە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا ، لە ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ و شێوەی ژیان و پەروەردە کردنی کۆمۆنیستی کۆمەڵانی خەڵک و بنیات نانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیە . دیکتاتۆری پرولیتاریا ئامرازی هەرە گرینگی سیاسی بۆ بینای سۆسیالیزمە .دیکتاتۆری پرولیتاریا ئاکامی قانونی و زانستی پەرەساندنی و گەشەی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریە و زەمینە بۆ دامەزراندنی بەربڵاوترین دیموکراسی بە قازانجی کۆمەڵانی زەحمەتکێش دژی کەمینەی چەوسێنەر ئامادە دەکات . ئەگەرچی دیموکراتیکترین جۆری کۆماری بورژوازی جگە لە دیکتاتۆری کەمینەی چەوسێنەر بە سەر زۆرینەی خەڵکی بێ بەشی کۆمەڵگا شتێکی دیکە نیە .بناغە و ئەساسی دیکتاتۆری پرولیتاریا و ئەسڵی سەرەکی ئەو بریتیە لە یەکگرتنی چینی کرێکار و جووتیاران بە ڕێبەری چینی کرێکار . پایە و ستونی کۆمەڵایەتی دیکتاتۆری پرولیتاریا لە ڕەوتی بنیات نانی کۆمەڵگای سۆسیالیستی بەردەوام بەربڵاوتر و پتەوتر دەبێ . هێزی ڕێبەری کەری ئەسڵی و سەرەکی لە سیستەمی دیکتاتۆری پرولیتاریا حیزبی کۆمۆنیست وەک گوردانی پێشرەوی چینی کرێکارە . لەم سیتەمەدا ڕێکخراوەکانی جۆراوجۆری خەڵکی و سینفی زەحمەتکێشان ( سەندیکاکان ، کۆئۆپراتیوەکان ( هاوبەشیەکان ) و هتد . . . . ) ، لەوانەیە ئەحزابیتریش کە دیکتاتۆری پرولیتاریا و ئەسڵی بنیات نانی سۆسیالیزمیان قبووڵ کردووە ، مەجلیسەکانی نەتەوەیی و ناوچەیی نوێنەرانی زەحمەتکێشان بەشداری دەکەن .دیکتاتۆری پرولیتاریا نە تەنیا بە پێچەوانەی دیموکراسی سۆسیالیستی نیە بەڵکو زامنی ئەوەیە ، زامنی ئەوەیە کە دیموکراسی خزمەتی خەڵک بکـات و لە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی زەحمەتکێش واتە زۆرینەی کۆمەڵگا دیفاع بکات و لە بەرانبەر پیلانەکانی دژی شۆڕشی ناوخۆیی و دەستێوەردان و کردەوەی داگیرکەرانەی ئیمپریـالیستی بیپارێزێ ، لە بەر ئـەوەی کە دیـموکراسی تـا ئەو کـاتەی کە دژایەتی چینـایەتی وجـودی هەبێ ، هەموو کـات مـەسەلەی چـینایەتیە .لە بواری مێژووییش یەکەمین جۆری دیکتاتۆری پرولیتاریا کۆمۆنی پاریس ( ١٨٧١ی زائینی ) بوو کە مارکسیزمی بە ئەزموون و تەجرووبەکانی مێژوویی پڕ لە بایەخی خۆی دەوڵەمەند کرد . ئەمە وەک « یەکەمین هێرش بەرەو ئاسمانەکان » ئەم ئمکانەی بە مارکس بەخشی تاکو لە بارەی شێوەی دەوڵەتی کۆمەڵگای داهاتوو ، ئاکامەکانی هەڵسەنگێنێ . مارکس دەنووسێ :

« خەباتی چینایەتی حەتمی و بە ناچاری دەگاتە دیکتاتۆری پرولیتاریا و . . . دەوڵەتی دەورانی تێپەرین و ئینتقاڵ . . . شتێک جگە لە دیکتاتۆری شۆڕشگێرانەی پرولیتاریا نیە . »

شووراکان شێوەیکیتری دیکتاتۆری پرولیتاریایە کە لینین ئەوی لە ئاکامی تەجرووبەی شۆڕشەکانی رووسیا ( ١٩٠٥ و ١٩١٧ی زائینی ) دۆزیەوە . لینین ئاماژەی بەوەوە کرد کە بابەتی دیکتاتۆری پرولیتاریا ئەساسیترسن و سەرەکیترین بابەتی گرینگی مارکسیزمە . ئەو لە بەرانبەر دیموکراسی بورژوازی کە نیشاندەری قازانجەکانی کەمینەی چەوسێنەرە قسە لە دیکتاتۆری پرولیتاریا دەکات کە لە کۆمەڵگای چینایەتی جۆری نوێ و بەرزتری دیموکراسیە ، قازانجەکانی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکە و دەبێتە هۆی بەشداری بە تەواوی بەربڵاو و فراوانی خەڵک لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت . سەبارەت بە جۆر و شێوەی شووراکانیش نووسیوە :« ئەو زۆر زیاتر لە هەر کۆمارێکی پارلەمانی بورژوازی دیموکراتیکترە . حکومەتێکە کە دەرگاکانی ئەو بۆ هەموو کەسێک کراوەیە . هەموو کار و چالاکیی خۆی لە بەرانبەر چاوی کۆمەڵانی خەڵک ئەنجام دەدات . گۆنجاوە لە گەڵ حاڵ و وەزعی خەڵک و بناغە و ریشەکەی لەوانە . » لە هەلومەرجی دژایەتی چینایەتی ، پرولیتاریا سیستەمی نوێی خۆی تەنیا لە ڕێگای پاڵپشتی بە هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆی دەتوانێ دامەزرێنێ .دیکتاتۆری پرولیتاریا خۆی بە خۆی ئامانج نیە بەڵکو پێویستێکی مێژووئیە و تەنیا ئامرازی تێپەرین بە کۆمەڵگای بێ چین و بێ دیکتاتۆریە . لە مەودای بنیات نانی سۆسیالیزم دیکتاتۆری پرولیتاریایش دەگۆڕێ و شێوە و شێوازەکانی کار و کردەوەی ئەو تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ و لە مەودای پرۆسەیکی درێژ خایەن و بەرە بەرەدا ، دەوڵەتی دیکتاتۆری پرولیتاریا وەک تەواو خەڵکی دەردێت .تێپەرین لە دیکتاتۆری پرولیتاریا بۆ ڕێکخراوی سیاسی تەواو خەڵکی بە هێچ شێوەیێک بە مانای لاواز کردنی دەوڵەتی سۆسیالیستی نیە ، بە پێچەوانە نەبوونی دژایەتی ئاشتی هەڵنەگری چینایەتی لەم ە و سەقامگیری هەمیشەیی یەکگرتنی مەعنەوی _ سیاسی هەموو کۆمەڵگا و بەربڵاوترین بناغە و ئەساسی کۆمەڵایەتی بۆ دەوڵەتی تەواو خەڵکی فەراهەم دەکات . گەشەی سیستەمی دەوڵەتی سۆسیالیستی لە زەمینەی سیاسی بە مانای گەشەی بەردەوامی دیموکراسی سۆسیالیستی بەشداری هەرچی زۆرتر و زیاتری خەڵک لە بەرێوە بردن و ڕێبەری کردنی کاروبارەکان و چارەسەر کردنی هەموو مەسەلەکانی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی بە دەستی خۆدی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە .

محمد فرخی یزدی

## کارگر

آنچه با کارگر ، سرمایه‌داری می‌کند
با کبوتر پنجه‌ی باز شکاری می‌کند
می‌برد از دسترنجش گنج اگر سرمایه‌دار
بهر قتلش از چه دیگر پافشاری می‌کند؟
سال و مه در انتظار قرص نان، شب تا به صبح
دیده‌ی زارع چرا اختر شماری می‌کند؟
تا به کی ارباب یارب بر خلاف بندگی
چون خدایان بر دهاقین کرد گاری می‌کند ؟
خاک پای آن تهیدستم که در اقلیم فقر
بی‌نگین و تاج و افسر، شهریاری می‌کند
بر لب دریاچه های پارک، ای مالک مخند
بین چسان از گریه دهقان آبیاری می‌کند؟
نیش نامه‌ی طوفان به قلب خائنین
راست پنداری که کار زخم کاری می‌کند
نوک کلک حق نویس تیز و تند فرخی
با طرفداران خارج ذوالفقاری می‌کند



بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !